نوسەر و ڕەشنبیری کورد کەمال غەمبار کۆچی دوایی کرد



نووسەر و ڕەشنبیر د. کەمال غەمبار لە تەمەنی 87 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کەمال غەمبار، کەسایەتییەکی دیاری ڕەشنبیری و نووسەرەکی گرنگی ئەدەبی کورد بوو، هەروەها پەروەردەکار و وەرگێڕ و ڕەخنەگرەکی ئەدەبی ناودارە، لە ساڵی 1937 لە شاری کەیە لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە و پاشان بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.

دەیان ساڵ لە باشووری عێراق و پاشان لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکانی هەولێر و پەیمانگەی مامۆستایان، مامۆستا بووە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی بووە، یەکەم نووسینی لە ساڵی 1950 لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاو کردووەتەوە.

دواجار ڕۆژی 30ـی کانوونی یەکەمی 2024، لە شاری هەولێر لەتەمەنی 87 ساڵیدا گیانی لەدەستدا.